www.kurdistannet.org
18-2-2006 10:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خەباتگێڕی دوێنیی شاخ و بەڕێوەبەری ئەمڕۆی شار ... هوشیار عوسمان

هەموومان ئەو راستی یە ئەزانین، خەباتی پیرۆزی شاخ، داستانی قارەمانێتی پێشمەرگە پاڵەوانەکانی کورستان، خوێنی گەش وئاڵی شەهیدان، ئێمەی لە زۆر تاوانی دڕندانە ی رژێمی فاشی بەعس پاراست، هەرچەندە دوای ئەنفال و کیمیاباران وراگواستن و ماڵ وێرانی و... گەیشتووینەتە ئەم قۆناغەی کە ئەمڕۆ چاوەڕوانی دەسکەوتی زۆر و ئاسۆیەکی رووناکترین.. ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە ئەوەیە تاکو ئێستا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لێپرسروانی کورد چیبان لە هەگبەی خۆیاندا پێشکەش بە هاووڵاتیان کردووە؟ ئایا توانیویانە زام و ئازارەکانی لە مێژنەی کورد کەم بکەنەوە؟؟ ئاوەدانی و کارە خزمەت گوزاریەکانی کوردستان{ڕێگاوبان، تەندروستی، ئاووکارەباو ئاوەڕۆ}لە چ ئاستێکدایە؟؟ بواری پەروردەو فێرکردن هەرلەباخچەی ساوایان تا زانکۆکان، دوای دەسەڵاتی دیکتاتۆری ودەست بەکاربوونی حوکمی کوردی ئەمڕۆ گەیشتووەتە کوێ؟؟ ئایا توانیومانە نەوەیەکی زانا و دڵسۆز بە خاک و نیستمان پەروردە بکەین؟!! بواری کۆمەڵایەتی و هەست و سۆزی نەتەوەیی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئازاد دا تا چ ڕادەیەک بە هێزو پتەوە؟!ئەگەر خوا نەکردە مەترسی دەرەکی رووی تێکردین، ئەتوانین وەک ڕابوردوو بە گیان و ماڵ ببینەنە پێشمەرگە، و ووڵات بکەینە گۆڕستانی دوژمنان؟؟!! بواری ئابوری و بازاڕو خۆشگوزەرانی خەڵکی و کار و بێکاری لە چ پلەیەکدایە؟!لەم چەند ساڵەی دوواییدا ئاستی گوزەران و ژیان بە گشتی چۆنە؟؟!! بواری پیشەسازی و کشتوکاڵ و بەرهەمی خۆماڵیمان تا کوێ بەرەو پێش هەنگاوی ناوە؟؟!لە گەڵ کام کارخانە و ووڵاتی دەرەوە گرێ بەستی بازرگانی وکڕین و فرۆشتنمان هەیە؟؟!! پەیوەندی دیپلۆماسی و ڕامیارییمان لە گەڵ لایەنە سیاسی یەکانی عێراق و ووڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە ونێودەوڵەتی بە گشتی لە سەر چ بنەمایەکە؟؟!! بواری ڕاگەیاندنی کوردی {ڕادیو، تەلەفزیون، گۆڤارو ڕۆژنامەکان} ئایا توانیویانە لە ئاستی خواست و ئارەزووی جەماوەردا خۆیان نیشان بدەن؟؟!! بەرنامەکان و نوسینەکان هەڵقولاوی ناخی ئەو خەڵکەیە؟؟!! ئەمانەو زۆر شتی ترکە باسمان نەکردووە، ئەبوایە ئێستا بە باشی کاری بۆ بکرایە، هەنگاوەکان بەرەودامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بووایە، بەڵام مخابن لەو رۆژەی خۆمان فەرمانڕواین، کارەکان بۆ پڕ کردنی گیرفان و بەرژوەندی حیزبی و تاکە کەس خۆی دەبینێتەوە، ئەوەی گرنگ نی یە میللەت و بەرژوەندی گشتی یە!! ئەگەر لە هەندێ دامو دەزگای ئیداریدا، خەڵکانی ڕابوردوو پاک و پێشمەرگە خۆیان نیشان ئەدەن، کەلە شۆڕشی پیرۆزی شاخدا دەیان داستانی پاڵەوانێتیان تۆمار کردووە، بە دڵنییایەوەبۆ هەموو کوردێک جێگای فەخرو شانازیین، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمڕۆ لە پۆست و پلە هەستیاراکاندا چالاکی بنوێنن، لە هەمان کاتتدا هیچ ئەزموونێک و توانایەکیان نەبێت. کە دوا جار میللەت زیان ئەبینێ و رەنجی ڕابوردووشمان لە دەست ئەدەین!!! هەوڵ بدەین لە گەندەڵ کاری و فەسادی ئیداری و کەم کاری دوور بکەوینەوە، ئیدارەی یەکگرتووی کوردی لە خەڵکانی باش و لە بار بۆ بەڕێوەبردنی شارو لادێکانمان کەڵک وەربگرین، ، خەباتگێڕانی دوێنی ی شاخ بە ڕەنگێکی تر قەدردانی بکرێن. کوردستان ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە دەستی شارەزاو پاك و دڵسۆز هەیە، کارێک نەکەین ئەو پەندە کوردییەی کە ئەڵێت{ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو} بیبێتەوە بە ویردی سەر زمانی هاووڵاتیان...